# سەفین ساڵح/ ئۆکسترای ژێداری کورد سەبارەت بە سەفەرەکەیان بۆ ڤیەننا دەدوێ



سەفین ساڵح ئۆکسترای ژێداری کورد لە مانگی حەفتی ساڵی( 2007) لەرێگەی فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر، دوای یەک کات ژمێر دەگاتە فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی ( شفیرهاتی )ڤیەنی پایتەختی نەمسا ولەوێ لەلایەن کەسایەتی کورد دڵشاد عوسمان نوێنەری کورد لە ڤیەن پایتەختی نەمسا، عادل موراد قونسوڵی کوردستان و دەستەی رۆژنامەنووسانی کورد لەوێ و رۆژنامەنووسانی ئەوێ لەگەڵ رەوەندی کورد بەگەرمی پێشوازیان لێکرا. دوای لەشوێنی حەسانەوە لە (تارق شوم رۆنی) لەبەرواری 2007-7-6/5 دەستمان کرد بەپرۆڤە رۆژی 7-7- 2007 کارەکان دەستی پێ کرد ئاهەنگەکان بەبەشداری سەرجەم بەشداربوان وگروپەکانی جیهان دەستی پێ کرد کە 12تیپ مابوونەوە لە دوا قۆناغی فستیڤالەکە، ئاهەنگەکە لە هۆڵی کۆبوونەوەی ئاکادیمیای نێونەتەوەیی ڤییێنای پایتەختی نەمسا بە بەشداری ئۆکسترای ژێداری کورد و سەرجەم تیپە جیهانیە کان دەستی پێ کرد کەتەنها بۆیەکترناسین بوو .ئێمەش بەناوی حکومەتی کوردستانەوە بەشداریمان کرد. لەوێ لەگەڵ تیپەکانی ئەڵمانیا و هۆڵەندا ئالآمان بەنیشانەی دۆستی ئاڵ وگۆڕکرد و زۆرخۆشحاڵ بوون. رۆژی 8-7-2007 دەست بە یەکەم کارەکان کرا لەسەردەستی موزیک زانی گەورەی جیهان، تیپی ئۆکسترای ژێداری کورد بەرهەمەکەی ئامادەکرد بۆ پێش کەش کردن، دوای مل ملانێکی زۆر لەنێو تیپەکان-کەرۆژی ورکشۆپی تیپەکان بوو- رۆژی10-7-2007رۆژی یەکلاکەرەوە بوو کە لەهۆلی زێرینی (گۆڵدن هۆلگ)بوو کەیەکێک بوو لە هۆڵەزێرینەکان وبەناوبانگ ترینی دونیا بۆنمایشی سەرجەم تیپە میلیەکان، دوای تێستی خۆیان لەسەر شانۆ نمایش کرد. ئۆکسترای ژێداری کوردیش بۆ دواسات دوای ئەوانی تر بەمیلۆدیکی مامۆستا( مەزهەری خالقی) یەکەم تیپ بوو دەستی بەنمایش کردن کرد. لەئیوارەیکی خۆش کەسێ هەزار کەسی تێدابوو نەتیجەکان راگەیندراو خەلآتی یەکەم بەر تیپی ئۆکسترای ئەڵمانیا کەوت و خەلآتی دووهەم بەپلەی باش بەر تیپی ئۆکسترای ژێداری کورد کەوت بۆئێمە شەرەفێکی گەورەبوو کە بۆ یەکەم جار لە ئاوا هۆلێک و مل ملانێکی جیهانی هونەری بەو پلە گەیشتین بۆیەکەم جار.سوپاسی ئەوانە دەکەین کەهاوکاریان کردووین هەروەها سوپاسی وەزارەتی وەرزش ولاوان و کاک نێچرڤان دەکەین هەروەها سوپاسی کاک تەهابەرواری دەکەم کەهاوکارمان بوون وپاڵپشتیان کردووین. بەخۆشحاڵیەوە لەوێ پەیامی سەرۆکی هەرێمی کوردستانیشمان پێ گەیشت. گلەیێکم هەیە لە دەسەڵاتدارانی کورد کە زۆر بایەخ بدەن بەگەنجان تاکوو کورد بەدونیا بناسێنێت. سوپاسی ئێوەش دەکەم بۆ ئەم دیدارەتان هیوادارم کەهەروا لەخزمەتی هونەردابن.



## سامان عوسمان و دوو بەرهەمی نوێ

سامان عوسمان کەهونەرمەندێکی شاری هەولێرە وتائێستاچەندین بەرهەمی بڵاو بوەتەوەلەدیدارێکی تایبەت بەرۆژی گەل وتی؛ ئێستاش بەرهەمێکم ئامادەیە بۆکلیپ کردن کە پێش ئەو بەرهەمە،بەرهەمێکی ترم بەناوی (چاوەروانی باوانم )بڵاو کردوەتەوە ،بەڵام ئێستا ئەو دوو بەرهەمەم بڵاو نەکراونەتەوە.بەرهەمەکانی دیکەم بەناوی (پەریزاد) کە ئاوازو هونراوەی( شوان ئەسعەد)ە و بەرهەمەکەی ترم بەناوی (هەڵپەرە نازە) کەلە هۆنراوەوئاوازی (حەکیم کاکەرەش)ە بەم نزیکانە کلیپی بۆدەکەم وبڵاوی دەکەمەوە بەتەئکیدیش لەکوردستانی خۆمان کلیپی بۆ دەکەم .

## محەمەد یاسین دوای سەفەرەکەی بۆ توركیا

لەدیارێکی تایبەت دالەگەڵ پەیامنێری رۆژی گەل،محەمەدیاسین کەکەمانچەژەنێکی کوردەولەهەولێر دەژیبەم شێوەیە باسی سەفەرەکەی بۆ تورکیا کرد،بۆ دەورەیێک لەموزیک بۆتورکیا دەعوەت کرابووم کەهەندێ لە مەسرەفی ئەوسەفەرە هونەریە لەسەرئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوووە ئەوان یارمەتیاندام ورەوانەی تورکیاکراموەهەروەها سپاسی مامۆستا(هەڵکەوت زاهیر)دەکەم کە یارمەتیمی دا بۆ رێکخستنی ئەم سەفەرە.دەورەکە بۆ ئامێری کەمان بوو کەماوەی مانگێکی پێ چوو .ماویک لەلایەن مامۆستاکان وەکو(سەندور)کەعادلژەنێکی( ئیبراهیم تاتلیسە) لەسەر کەمان خوێندم دوای چوون بۆلای مامۆستاکانی تر وەکو (موراد) ، عادلژەنی ئورگەو لەرێکخستنی گروپەکەی زەکەریایە،بەس لەگەڵ ئەو هاورێەتیم پەیداکرد.ئەوان زۆرخۆشحاڵ بوون کە هونەرمەندێکی کورد بچێت بۆتورکیا بۆ دەورەی موسیقا.لەمدەورە زۆرسودم بینی ،کاک موراد زۆر خۆشحاڵ بوو پاشان چووم بۆلای( ئۆزجان) کەخاوەن ئۆستۆدیۆی (شاینارلەر)ە وزۆر لەهونەرمەندانی کوردلەوێبۆکارەکانیان دەچن دەنگ وموسیقا تۆماردەکەن.منیش توانیم کە بەرهەمێکی موسیقا لەوێ تۆمار بکەم .محەمەد لەبارەی پارچە موسیقاکەی وتی کە تەوابوە بەڵام تاکلیپی بۆنەکەم بڵاوی ناکەمەوە.هەرلەوێ وتیان کەهەر گەنجێک ئەگەر لەلایەن موسیقاوە نەقسێکی هەبێت لەکوردستان ئێمەئامادەین یارمەتیان بدەین و دەورەیان بۆبکەینەوە.دەعوەتی بەرنامەی (مێوان شەویان) کردم من لەگەڵ ئافرەتێ گۆرانی بێژ (خێزانی دیاردەرسیم)وهاورێ (حەسەن غەفور) وەک موزیک ژەنێک ئامادە بووم.




## زمانی هەندێک نووسەر

فەرهەنگ و کولتوور، وێژە و بەرهەمە هونەریەکان، دابونەرێتی زۆربەی گەلان لە زمانی نووسەران و رۆشنبیرانیانەوە بۆ گەلانی دیکە دەگوازرێنەوە. نووسەر و رۆشنبیر دەبنە پردی نێوان نەتەوەکان، زمان و ئاوازەکانی زمان بە گوێ یەکتردا ئاشنا دەکەن، لێ مخابن ئەوەی ئەمرۆ هەندێک نووسەرو رۆشنبیری کوردستان لە مێرگی فەرهەنگ، وێژە، هونەری زمان و زمانەوانیدا دەیچێنن نەک هەر خزمەت بە کولتوورو پەیڤ و ئاستی رووناکبیریمان ناکەن، بەڵکو گورزێکی کاریگەریشمان لێدەدەن.

نووسەرو رۆشنبیرانی گەلانی دیکە بۆ پاراوکردنی زمان، بەهێزکردنی رستەسازی، پێشخستنی ئاستی رۆشنبری، هەورازبردنی فەرهەنگ و هاوچەرخانەکردنی کولتوور تێدەکۆشن و خۆیان دە راژەی کێشە جۆراوجۆرەکاندا دادەنێن، لێ هەنووکە بەشێک لەو نووسەر و رۆشنبیرانەی کە بە پارووی فەرمانرەوایانەوە کاوێژ دەکەن، تواناکانی خۆیان بۆ داهێنانی جنێو، سازکردنی ناوناتۆرە، دزێکردنی وێژەیی دەکاردەهێنن، ئەوانەی بە دوژمن و ناحەزان نەدەکران، ئەوان بە خشکەیی ئەنجامی دەدەن.

هەندێک لەو نووسەرانە لە جنێو سازیدا دەستێکی باڵایان هەیە، لەرێگەی نووسینەکانیەوە هێرش دەکەنە سەر یەکتر و سوکایەتیش بە زمانی نەتەوەکەیان دەکەن، ئەگەر وشەکانی ( مامۆستاو رابەری جنێو، زبڵخانە، زورناژەن، دەبەنگ، فسفسپاڵەوان، موزایەدەکاری و جاهیل و زبڵنووس،پیاوە پووتەکان و دەیان وشەگەلی دیکە) دەخوێنینەوە، بەزەییمان بە زمانەکەمان دا دێتەوە کە ئەو نووسەرو رۆشنبیرانە نوێنەرایەتی دەکەن، دەستەڵاتیش بەمەزنی پێشانی جەماوەریان دەدەن!!! من نازانم کەسێک خۆی بە نووسەرو رۆشنبیر بزانێ بۆچی هونەرو تواناکانی خۆی تەنیا لە داهێنان و دارشتنی جنێوو سوکایەتی پێکردندا بەکاردەهێنێ؟!

داگیرکەربە هەموو هێزی خۆیەوە دەیویست هەستی نیشتمانپەروەری و گیانی بەرخۆدان و تێکۆشان لە کوردستانیان دا بکوژێ، ناکام مایەوەو سەری خۆی لە کێوەکانی کوردستان دا. فەرمانرەوایانی خۆشمان هەوڵیان داوە ئیرادەو دەنگ و رەنگمان لێبسێننەوە، کۆمەڵگەی حزبی دروست بکەن، ئێستا سەرەولێژ خلۆر دەبنەوە و لەبنی گۆمەکە دا خۆیان دەبیننەوە، ئەو نووسەرانەی کە دەشیانهەوێ زمان و رۆشنبیری و هزرمان لێ بشێوێنن جگە لە پەشیمانی و ریسوایی شتێکی دیکەیان بۆ نامێنێتەوە، خۆری ئەوانیش لەگەڵ فەرمانرەوا خۆسەپێنەرەکانەوە هاودیوو دەبێ، هەوێزەکەیان دەردەکەوێ.

ئێستا ئەو نووسەرانە بە پشتیوانی فەرمانرەوایانەوە کارخانەی جنێوسازیان داناوە، لە پانتایی زماندا تەراتێن دەکەن، رۆژێک دێ جنێوەکان و سوکایەتیەکان قاپی خۆیان دەگرنەوە، بۆ دەروون و هزری نەخۆشیان رەوانە دەکرێنەوە، کورد گوتەنی:" ماڵی قەڵب سەر بە خاوەنیەتی" تێکرای جنێوەکان و سووکایەتی پێکردنەکانیش لەگەڵ خۆیان دا چاڵ دەکرێن، گەل لە زمانی ئەو نووسەرە دەم چەورکراوانەش رزگاری دەبێ.

**باوکی فلاد**




**بەرپرسێک** کە بیستبووی داوا دەکرێ عەلی کیمیاوی بهێنرێتە هەڵەبجەو هەڵبواسرێ، رقی هەڵسابوو، گوتبووی: ئەوە بۆ هەلآتووانی هەندەران وازمان لێناهێنن؟!! بۆ خۆیان هەلآتوون و دەشیانەوێ هەرێمی کوردستان لەبار ببەن!! یەکێکی دیکەش گوتبووی وەڵا ئەو پیاوە بە مەردی ژیا با لە کوردستان ئیعدام نەکرێ!!

**فەرماندەیەک** گوتبووی: لەجیاتی ئێمە رەوانەی سەر سنوور بکەن و رێگە لە هاتنی سوپای تورکیا بگرین کەچی رەوانەی بەغدادمان دەکەن، یەکێکی دیکەش گوتبووی: جارێ چیت دیووە، ئەوە لێ لێیە، لۆلۆش مایە!!

**نوێنەری** سەرۆکی هەرێم بۆ بەدواداچوونی ماددەی 140 دەڵێ: ئەرکی من چاودێریکردن و هەڵسەنگاندنی جێبەجێکردنی ماددەکەیە، ئەگەر بەراوردێک بکەین لە نێوان ئەو ماوەیەی کە بە فیرۆ رۆیشتووە، لەو کاتەی کە لەبەردەمدا ماوە، کە ئێمە تازە لە سەرەتای قۆناغی ئاسایی کردنەوەین، ئەگەر وابروات بێگومان جێبەجێکردنی ماددەکە لەو ماوەیەی ماوە کارێکی ئاسان نییە، بەڵام ئەگەر بێت و ئێمە ئەو شەش مانگەی کە لە بەردەمدا ماوە و وەکو پێشتر ئیش نەکرێت، لەوانەیە جێبەجێ بکرێ!! **منیش** دەڵێم: ئێ باشە وەکو پێشوو مەکەن و دەستوبردی لێبکەن و نهێنیەکانیش ئاشکرا بکەن!!

**بەرەی** تورکمانی دژی رەوانەکردنی پێشمەرگە بۆ دەوروبەری کەرکوک رادەوەستێ و داواش دەکات سوپای تورکیا بێ بیانپارێزێ، کەچی حزبە دەستەڵاتدارەکان لەگەڵی دادەنیشن و بە نوێنەری تورکمانیان دادەنێن!!

**سەردەمێک** هەندێک حزبی کوردستانی هاواریان بۆ سوپای تورک دەبرد و پێیان دەگوت: وەرە رزگارمان بکە! پار ساڵیش ئەندام پەرلەمانێکی کوردستان داوای لە ئیحسان دۆغرەمەچی دەکرد بێ و رزگاریان بکات، ئەمساڵیش بەرەی تورکمانی بانگی دەکات، دەبێ رزگاریان بکات؟!!


Weekly Newspaper Issued By: Rizgary Party Of Kurdistan-RPK

ROJI GEL

Mob:07701398499 07301191497

ناونیشان: سلێمانی، گەڕەکی مشیراوا(رزگاری) نزیک گۆڕەپانی هونەر، نووسینگەی رۆژی گەل، 0532109256

پێگەی ئینتەرنێتی

www.rpk93.org

پۆستی ئەلیکترۆنی

info@rpk93.org

rpk93@hotmail.com